### بە بۆنەی بیست و چوارەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# بژی گۆڤاری کوردی.. بژی ڕامان

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

موتالا و خوێندنەوە بۆ مرۆڤی ڕموودەی کتێب و جەریدە و ڕەسانە پڕ بایەخترین گەنجی هەبوونە لە ژیاندا، ڕەنگە لەبۆ زۆرینەی ئەم تاقمە مرۆڤەش مەبەست لەم گشتە موتالا و خوێندنەوەیە ناسینی قووڵتر و بەربلاوتر و باشتری ژین و ژیان بێ؛ ڕەنگە مەبەست لەم ئیشە بەهێزترکردنی توانایی دیالۆگ لەگەڵ دیتران و شرۆڤە و شیکاری پرس و کێشەکان و خۆ بەهێزترکردن بۆ خۆڕاگری لە هەمبەر کار و گرفتەکان بێ. ئەم ڕەنگە، ڕەنگەیە و دەیان ڕەنگەی دیکەش قوت دەبنەوە –و– بە پێی تایبەتمەندی و خوو–و– خدەی هەر مرۆڤێک ڕەنگەی تازە سەرهەڵدەدا..

من بە هۆکارێک لەم هۆکارانەوە ساڵانێکی زۆر چیرۆک و ڕۆمان و سیناریۆ و فیلمنامە و کۆ ئەوسانەم دەخوێندەوە–و– ڕادە و ئاستی ڕووناکبیریم؛ ڕادە و ئاستی توانایی دیالۆگ و مەعلووماتم لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە، یانی پێشکەوتنی ئاست و ڕادەی مەعلووماتم مەشهوور وتەنی: زۆر کیسەڵ ئاسابوو!! بەڵام کە بە ڕێنوینی مامۆستاکان و هەڤاڵانی بە ئەزموونترم ڕووم کردە خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و جەریدەی هەمەچەشنە، پێشکەوت و پەرەسەندنی ئاستی مەعلوومات و توانایی دیالۆگ و ڕەخنە و شیکاریی ئەدەب و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی دەروونناسی و مرۆڤناسی و کۆمەڵ و کۆمەڵگاناسین و.....م زۆر خێراتر پەرە و قووڵایی گرت، تەنانەت ئاستی لێحاڵی بوون لە چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە و سیناریۆ و....شم زۆر قووڵتر بووەوە...

هەر بۆ وێنە ئێمەی چیرۆکنووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانێکی زۆر چیرۆک و ڕۆمانی چیرۆکنووسانی کوردستانی باشوورمان دەخوێندەوە، بەڵام ئەژمارێکی کەمی نووسەرانی ئەوێندەرێمان دەناسی و زانست و زانیاری و مەعلووماتێکی هێندەمان لە مێژووی ئەم ژانرە لە کوردستان و کوردەواریدا نەبوو، زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی ئەم ژانرەمان بەرچاونەکەوتبوو–و– نەدەناسی، ئاستی بەرزی و قووڵایی ئەم بەرهەمانەمان لێ ڕوون نەبوو، بەڵام کاتێ کە گۆڤار و جەریدەی کوردستانی باشوورمان بەدەست گەیشت و خوێندمانننەوە، کاتێ وتاری توێژینەوەی ئەدەب و ئەدەبی چیرۆکیمان خوێندەوە، کاتێ ڕەخنە و شیکاری و شرۆڤەی چیرۆک و ڕۆمانی ئەوێندەرێمان لە گۆڤارەکاندا خوێندەوە؛ بەڕاستی مەعلووماتێکی دیکە و

زانیاری و ئاگادارییەکی دیکەمان دەست کەوت و قووڵتر و بەربڵاوترمان کاری ئەم ژانرە بۆ وەدەرکەوت.

کورد وتەنی: خوا و ڕاستان و خواوەکیل یەکەم گۆڤارێکی پاش ڕاپەڕین و ئەم وەرزە نوێیەی ژیانی کورد کە دەستمان کەوت و کەڵکمان لێوەرگرت و گۆشەنیگای ئێمەی قووڵ و بەربڵاو و بەرز کردەوە؛ گۆڤاری ڕامان بوو.

گۆڤاری ڕامان مانگانەیەکی هەمە بابەتەی ڕووناکبیری و (زیاتر ئەدەبی، فەرهەنگی، کولتووری) بوو کە بەبێ درەنگ و زوو هەموو ڕۆژی پێنجەمی مانگە زایەنییەکان دەردەچوو -و- دەردەچێ. ئەمەی کە گۆڤارێک نزیکەی چارەکە سەدەیەک ئاوا بە نەزم و نەریت و ڕێکوپێک لە وەختی خۆیدا، لە سەعات و ڕۆژ و مانگی خۆی بگاتە دەستی خوێنەری خۆی لە گرینگترین سەرەتا و تایبەتمەندی بەرز و پۆزەتیڤی ڕۆژنامەوانی کوردییە کە هەم لەپێشتردا- و- هەم لە ئێستادا کەم وێنەیە. ئەم سەرەت و هێزە پۆزەتیڤە چالاکی و هەوڵ و تێکۆشانێکە کە بۆ دڵسۆزی و چالاکی و ماندوویی نەناسی سەرنووسەرێک دەگەڕێتەوە کە هەوجێ و نیازی بە پێدا هەڵگوتن، تەنانەت وتن و قسە و باس نییە.

بەڕێز مامۆستا ئازاد عەبدولواحید لەم چارەکە سەدەیەدا ئەوپەڕی ئیلتیزام و ماندوویی نەناسی و ئەوپەڕی دڵسۆزی خۆی بۆ گۆڤارەکەی، بۆ نووسین و نووسەری کورد و شیعر و چیرۆک و شاعیر و چیرۆکنووسی کورد نیشان داوە، ئەوپەڕی هەڵسووڕان و پێوەندی گرتن لەگەڵ قەڵەمی کورد و ئەدەب و فەرهەنگی جیهانی و ڕووناکبیری بڵاوکردنەوەی زۆر زۆر بەربڵاوی جیهانی و ناوخۆیی نیشان داوە.

من درەنگم پێوەندی بە (ڕامان)ەوە گرت؛ درەنگتر لە هەموو نووسەر و شاعیری کوردستانی ڕۆژهەڵات، درەنگم مامۆستا ئازاد عەبدولواحید ناسی و چاوم پێی کەوت و دیالۆگ و قسە و باسم لەگەڵیدا کرد، لەم ماوە کەم و پچڕ پچڕەشدا بە هۆکاری چاوەڕوانی زۆر و دڵناسکی خۆمەوە چەند جاران لەگەڵ ڕامان و مامۆستا ئازاد عەبدولواحیددا دابڕان و دڵ ئێشانم دەگەڵیاندا بووە؛ بەڵام خوا دەزانێ و بە شاهیدی ویژدانم هەموو کەرەتێ مامۆستا ئازاد عەبدولواحید بە دڵئاوایی و گەورەیی و دڵسۆزی خۆی بۆ نووسەر و قەڵەمی کورد براگەورەیی کردووە-و- بەرەو ڕامانی گەڕاندوومەتەوە. ئەم ئاستە دڵئاوایی و گەورەیی و دڵسۆزییە بۆ نووسین و خوێندنەوە-و- قەڵەمی کوردیم لە باقی سەرنووسەر و بەرپرسی گۆڤار و جەریدەی کورددا نەبینیوە.

هەر لە سایەی ئەم کارزانی و دڵسۆزی و چالاکییەدایە کە لەمڕۆدا گۆڤاری ڕامان لەم قەیرانە قووڵ و بەربڵاوەدا سەربەرز و سەرکەوتوو، هەروا کوردانە و مەردانە و فەرهەنگی و ئەدەبی و سەنگین و ڕەنگین لە ساحە و مەیدانی ڕۆژنامەگەری کوردی و ناوچەیی، تەنانەت جیهانیدا دەدرەوشێتەوە، بەڕاستی لەمڕۆدا بەبێ گۆڤاری ڕامان زۆر دەنگ لەبیر دەچنەوە، زۆر قەڵەم فەرامۆش دەبن، زۆر چالاکی جیهانی ڕووناکبیری و ئەدەبی کوردی دووچاری نوشوستی و دواکەوتن دەبن. من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە درێژە و بەردەوامیی گۆڤاری ڕامان سەرەکیترین هەوجێ و پێویستی و نیازی قەڵەمی کوردییە و ئەم درێژە و دەوامەی چالاکییە بە هەبوون و سەرپەرشتی و چالاکی مامۆستا ئازاد عەبدولواحیدەوە جوانە و سەرکەوتوو - و- بەردەوام دەبێ، بۆیە هەروەک ناوی وتارەکەم: (بژی گۆڤاری کوردی، بژی ڕامان) دیسانیش لە کۆتاییدا دووپات و چەند پاتی دەکەمەوە؛ بۆ گەشە و سەرکەوتنی ڕووناکبیری کوردیمان: (بژی گۆڤاری کوردی، بژی ڕامان)، ئەوەش دەزانن بە یارمەتی و هاریکاری نووسەر و ڕووناکبیری کورد ژمارە (هەزاری) ڕامانیش دەبینین.

وێڕای ڕێز و سڵاو - و - هەواڵپرسی زۆرم بۆ بەڕێزان مامۆستایان ئازاد عەبدولواحید و سەرکەوت وەلی، هیوادارم باش و ساخ و سڵامەت بن و بەختەوەر و سەرکەوتووییتان بۆ دەخوازم.